

نازدار کە دەزانێ  داپیرە بەمە زۆر دڵگران بووە بە شەرمێکەوە داوای لێبوردنی لێدەکات. داپیرە لێی دەبورێت و بە گلەییەوە پێی دەڵێ: نازدار، من چیم پێ وتی!



بۆ ڕۆژی دواتر، پێش مەلا بانگدان، داپیرە دەچێت دوو گوریسی درێژ دەبات و لەسەر دارێکی نزیک ماڵی خۆیان دیلانێیەکی قایم و چاک دروست دەکات.



دوای نانخواردنی بەیانی داپیرە بە نازدار دەڵێت: دیارییەکم بۆ ئامادە کردووی، هیوادارم بە دڵت بێت. نازدار دەڵێت: ئەی کوا داپیرە گیان؟
داپیرە: بڕۆرە بەردەم دارەکەی ماڵمان و ببینە!



نازدار کە دەبینێت دیلانێیەکی جوان و ڕازاوەی بۆ سازکراوە، زۆر سوپاسی داپیرەی دەکات. داپیرە ئەچێت بەلای ئیش و کارەکانی خۆیەوەو نازداریش لەسەر دیلانێکە گۆرانیی دیلانێکەی داپیرە دەڵێت.